لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com

# چەند سەرباسێك

## لە فەرموودە ڕاست ودروستەکانی

## پێغەمبەری خوا

﴿صلى الله عليه وعلى آله وسلم﴾

کۆ کردنەوەو ئامادەکردنی

**باوکی حارث**

٢٠٠٩-٢٠١٠

## ( ٧ ) دەست گرتن بە قورئان و سوننەت و دوور کەوتنەوە لە بیدعە :-

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (أوصيكم بتقوى الله و السمع و الطاعة و إن كان عبدا حبشيا ، فإنه من يعش منكم بعدي يرى اختلافا كثيرا ، فعليكم بسنتي و سنة الخلفاء الراشدين المهديين بعدي ، عضوا عليها بالنواجذ وإياكم و محدثات الأمور ، فإن كل محدثة بدعة و كل بدعة ضلالة) السلسلة الصحيحة ٢٧٣٥ واتە : (وەسیەتتان ئەکەم بە تەقوای خوا =خۆپاراستن لە سزای خوا بە دوور کەوتنەوە لە تاوان و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی= وە بە گوێ ڕایەڵی =سەرکردەکانتان= ئەگەر عەبدێکی حەبەشیش بێ ، وە هەرکەسێك لە ئێوە بژی لە پاش من خیلاف و جیاوازیەکی زۆر ئەبینێ جا دەست بگرن بە سوننەتی =ڕێگای= من وە سوننەتی =ڕێگای= خەلیفەکانی لە سەر حەق و هیدایەتن دەست بەو ڕێگایە بگرن وە بە ددانەکانتان بیگرن وە ئاگادارتان ئەکەمەوە لە شتە داهێنراوەکان چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من احدث في امرنا هذا ما ليس منه فهو رد ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( هەر کە سێ شتێ لەو دینەمان دابهێنێ کە تیای نەبێ ئەوە ڕەد ئەکرێتەوە لێی وەر ناگیرێ ) وە لە ڕیوایەتێکی تر پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من عمل عملا ليس عليه امرا فهو رد ) رواه مسلم واتە : ( هەر کەسێ کارێك بکا فەرمانی ئێمەی لە سەر نەبێ ئەوە ڕەد ئەکرێتەوەو وەرناگیرێ لێی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (تركت فيكم شيئين لن تضلوا بعدهما : كتاب الله و سنتي و لن يتفرقا حتى يردا علي الحوض) صحيح الجامع ٢٩٣٧ واتە : ( دوو شتم بۆ جێ هێشتوون گومڕا نابن لە پاش ئەو دوو شتە =ئەگەر دەستیان پێوە بگرن= : کتابی خوا وە سوننەتی من وە لێك جیا نابنەوە تا دێنە لام لەسەر حەوز ) .

**لەم چەند فەرمودەیە بۆمان دەرکەوت** کە لەناو موسڵمانان خیلاف و فیتنە ئەبێ بەڵام ڕێگای سەرفرازی و ڕزگار بوون لە هەموو فیتنەیەك دەست گرتنە بە قورئان و بە ڕێگاو سوننەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە ڕێگاو سوننەتی خەلیفە بەڕێزەکانی خوا لێیان ڕازی بێ ، وە هەر شتێك لە ڕێگای ئەوان نەبووبێ ئەوە داهێنراوەو بیدعەیە وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییەو سەرلێشێواویە ، سەیر بکەن پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : (كل بدعة ضلالة) هەموو بیدعەیەك گومڕاییە با بەوە نەخەڵەتێین کە کەسانێك ئەڵێن بیدعەی حەسەنەش هەیە دیارە ئەوان لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم زانا ترنین ! قسەی هیچ کەسێك کە موخالیفی فەرموودەی پێغەمبەری خوا بێ صلی الله علیه وعلی اله وسلم وەرناگیرێ چونکە ئێمە تەنها لە سەرمانە شوێنی فەرمانەکانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بکەوین ، دیارە ئەم بیرەش بیرێکی داهێنراوەو بیدعەیە کە بڵێی بیدعەی حەسەنەو بیدعەی چاك هەیە ، ئەوە لە پاش سەردەمی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم وە پاش سەردەمی هاوەڵە بەڕێزەکانی خوا لێیان ڕازی بێ داهێنراوە لەبەر ئەوە ئەگەر بچینەوە سەر

فەرموودەی هاوەڵە بەڕێزەکانیش خوا لێیان ڕازی بێ ئەوە قەت کەسێکیان نەبووە بڵێ بیدعەی حەسەنە هەیە حاشاکی ئەوان موخالەفەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بکەن ، وە لە هەموو کەس دوور تر بوون لە بیدعەو داهێنراو بە قسەو بە کردەوە ، بۆ نمونەش عبدالله ی کوڕی عمر خوا لێیان ڕازی بێ ئەفەرموێ : ( کل بدعة ضلالة وان راها الناس حسنة ) صححه الالباني في تلخيص احكام الجنائز واته : ( هەموو بیدعەیەك گومڕاییە ئەگەر خەڵکیش بە چاکی بزانن ) .

وە لەو فەرموودانە بۆمان دەر ئەکەوێ کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم هاوەڵە بەڕێزەکانی ئەترساندو ئاگاداری ئەکردنەوە لەوەی توشی بیدعە بن خوا لێیان ڕازی بێ ئەشزانین لەو سەردەمە بیدعە سەری هەڵنەدابوو هاوەڵەکانیش خوا لێیان ڕازی بێ قەت لەفەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم لایان نەئەدا بۆ بیدعە ، ئەگەر ئەوە تێگەیشتی جا بزانە بۆ ئەو سەردەمە کە خەڵکی کەوتونەتە ناو بیدعەو گومڕایی لە جیاتی سونەت بە بیدعە خوا ئەپەرستن ، ئەبێ چەند پێویست بێ ئێمە خەڵك لە بیدعە ئاگادار بکەینەوەو بیان ترسێنین لە وەی توشی بن ! ؟ وە ئەمە گومڕایی ئەو کەسانەمان بۆ دەر ئەخا کە ئەڵێن ئێستا کاتی ئەوە نیە باسی بیدعە بکەین و خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە ! بەڕاستی سەیرە ئەبێ ئەوانە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم دڵسۆز تر بن بۆ ئەو خەڵکە ! ؟ یان ئەترسن خۆیان و بیدعەکانیان ڕیسوا بن و خەڵك پێیان بزانێ کە بیدعە چین بۆیە ئەڵێن باسی بیدعە مەکەن تا خەڵکیان لێ نەڕەوێتەوە ! .

**قسەی دوو پێشەوای ئیسلام لەسەر خەتەرو فەسادی بیدعەو ئەهلی بیدعە :-**

پێشەوا **ابن تيمية** (رحمه الله) لە پاش ئەوەی باسی ئەوە ئەکا کە ئەمانەی دروستە باسیان بکرێ و ئاشکرا بکرێ عەیبەکانیان وەك ئەوانەی فەرموودە ڕیوایەت ئەکەن و لاوازن و لێیان وەرناگیرێ ئینجا باسی ئەوە ئەکا کە پێشەواکانی ئەهلی بیدەع ئەبێ باسی بیدعەکانیان بکرێو ڕەد بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێی نەخەڵەتێن ئەفەرموێ لە مجموع الفتاوى وە مجموعة الرسائل والمسائل" : ٥ / ١٠٩ ـ ١١١ . (**وقال بعضهم لاحمد بن حنبل : انه يثقل عليى ان اقول فلان كذا وفلان كذا . فقال : اذا سكت انت وسكت انا فمتى يعرف الجاهل الصحيح من السقيم . ومثل ائمة البدع من اهل المقالات المخالفة للكتاب والسنة او العبادات المخالفة للكتاب والسنة فإن بيان حالهم، وتحذير الأمة منهم واجب باتفاق المسلمين، حتى قيل لأحمد بن حنبل : الرجل يصوم ويصلي ويعتكف أحب إليك، أو يتكلم في أهل البدع ؟ . فقال : إذا صام وصلى واعتكف فإنما هو لنفسه، وإذا تكلم في أهل البدع فإنما هو للمسلمين.**

**فتبين أن نفع هذا عام للمسلمين في دينهم، من جنس الجهاد في سبيل الله إذ تطهير سبيل الله، ودينه، ومنهاجه، وشرعته، ودفع بغي هؤلاء وعدوانهم على ذلك واجب على الكفاية باتفاق المسلمين . ولولا من يقيمه الله لدفع ضرر هؤلاء لفسد الدين، وكان فساده أعظم من فساد استيلاء العدو من أهل الحرب فإن هؤلاء إذا استولوا لم يفسدوا القلوب وما فيها من الدين إلا تبعاً، وأما أولئك فهم يفسدون القلوب ابتداء.)**

واتە : ( وە هەندێك بە احمد ی کوڕی حنبل یان ووت : لە سەرم قورسە کە باسی ئەوە بکەم بڵێم فلان ئەو عەیبەی

هەیەو فلان ئەوەی تیایە ! احمد ی کوڕی حنبل فەرموی : ئەگەر تۆ بێ دەنگ بی و من بێ دەنگ بم کەی خەڵکی نەزان و نەفام دروست و نا دروست لێك جیا ئەکاتەوە . وە وەك پێشەوایانی بیدعە لەوانەی خاوەنی قسەو ووتەی جیاوازن بە کتاب و سوننەت یان خاوەنی عیبادەتی جیاوازن بە کتاب و سوننەت بە تەئکید ڕوون کردنەوەی حاڵی ئەوانە ، وە ئگادار کردنەوەی ئوممەت لێیان واجبە بە ئیتیفاقی موسڵمانان ، هەتاکو بە احمدی کوڕی حنبل یان ووت : پیاوێك بەڕۆژوو ئەبێت وە نوێژ ئەکات و ئیعتیکاف ئەکات لات خۆشەویست ترە ، یان قسە لەسەر ئەهلی بیدەع بکات ؟ فەرمووی : ئەگەر بەڕۆژوو بێو نوێژ بکا و ئیعتیکاف بکا ئەوە بۆ نەفسی خۆیتی ، وە ئەگەر قسە بکات لە سەر ئەهلی بیدەع ئەوە بۆ موسڵمانانە .

بەوە ڕوون بۆوە کە سودی ئەمە بۆ موسڵمانانە بە گشتی لە دینەکەیان ، لە جنسی جیهادە لە پێناوی خوا چونکە پاك کردنەوەی ڕێگای خوا ، وە دینەکەی ، وە مینهاجەکەی ، وە شەرعەکەی ، وە پاڵ نان و لادانی ستەمی ئەوانەو دژایەتیان لە سەر ئەمە واجبە لە سەر کیفایەی =کۆمەڵێك کە ئەم واجبە پێیان تەواو بێ= بە ئیتیفاقی موسڵمانان . وە ئەگەر ئەوانە نەبونایە کە خوا ئەیانهێڵێو ڕاگیریان ئەکا بۆ لادان و ڕەد کردنەوەی زیانی ئەمانە ئەوە دین فەسادی ئەکەوتە ناوەوە ، وە فەسادەکەشی گەورەترە لە فەسادی ئەوەی دوژمنانی ئیسلام وڵات داگیر بکەن و زاڵ بن بە سەر موسڵمانان چونکە ئەمانە ئەگەر زاڵ بوون بە سەر موسڵمانان دڵەکان و ئەوەی تێی دایە لە دین فەساد ناکەن یەکەم جار ئیللا لە دواییا ، بەڵام ئەمانە=ئەهلی بیدەع= یەکەم جار دڵەکان فەساد ئەکەن ) .

وە قسەیەکی پێشەوا ابن عثیمین (رحمە اللە) کە هەڵقوڵاوی قورئان و سوننەتە باس ئەکەین ، لە کتابی ( **الابداع في كمال الشرع وخطر الابتداع** ) پاش ئەوەی ڕوونی ئەکاتەوە ئیسلام دینێکی تەواوە هیچ کەم و کوڕی تێدا نیە و بەڵگەش لە سەر ئەمە باس ئەکا ئینجا ئەفەرموێ : ( **إذا تقرر ذلك عندك أيها المسلم فاعلم أن كل من ابتدع شريعة في دين الله ولو بقصد حسن فإن بدعته هذه مع كونها ضلالة تعتبر طعناً في دين الله عز وجل، تعتبر تكذيباً لله تعالى في قوله: ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴾ لأن هذا المبتدع الذي ابتدع شريعة في دين الله تعالى وليست في دين الله تعالى كأنه يقول بلسان الحال إن الدين لم يكمل لأنه قد بقي عليه هذه الشريعة التي ابتدعها يتقرب بها إلى الله عز وجل** ) واتە : ( ئەگەر ئەوە لات جێگیر بوو و ڕوون بۆوە ئەی موسڵمان بزانە کە هەموو کەسێ شتێ دابهێنێ=بیدعەیەك دابێنێ= لە شەریعەت لە دینی خوا ئەگەر بە مەبەستێکی باشیش بێت ئەوە بیدعەکەی لە گەڵ ئەوەی گومڕاییە ئیعتیباری بە درۆ خستنەوەی خوای بەرزی بۆ ئەکرێ لە فەرمودەی ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴾ لە بەر ئەوەی ئەو موبتەدیعە کە بیدعەیەکی داهێناوە لە شەریعەت لە دینی خوای بەرز وە ئەو داهێنراوەش لە دینی خوای بەرز نەبێ وەك ئەوەیە بڵێ بە زمانی حاڵی کە دین تەواو نەبووە لە بەر ئەوەی =ئەم داهێنراوەی=لەسەر ماوە ئەو شەریعەتە کە ئەو دایهێناوە تا پێی نزیك بێتەوە لە خوای عز وجل ) .

**( ٨ ) پاداشتی چاکە کردن لەگەڵ خێزان و باش بوون لە لەگەڵیدا :-**

پیغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( إنك لن تنفق نفقة تبتغي بها وجه الله إلا أجرت عليها ، حتى ما تجعل في في امرأتك ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( تۆ هیچ شتێك نابەخشی كە مەبەستت ڕووی خوا بێ ئیللا پاداشتی لە سەر وەردەگری ، هەتتا ئەوەی ئەیخەیتە دەمی خێزانەکەتەوە ) .

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (إذا سقى الرجل امرأته الماء أجر) السلسلة الصحيحة ٢٧٣٦ واتە : ( ئەگەر پیاوێك ئاو با بە خێزانەکەی خۆی=بیخواتەوە= پاداشت وەر ئەگرێ )

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : (ألا عسى أحدكم أن يضرب امرأته ضرب الأمة ! ألا خيركم خيركم لأهله) السلسلة الصحيحة ٢٦٧٨ واتە : ( ئاگادار بن لەوانەیە کەسێکتان لە خێزانەکەی بدا هەر وەك کەسێك لە جاریەی خۆی بدا ! ئاگادار بن بزانن کە چاکترین کەستان چاکترین کەستانە بۆ خێزانی ).

لەم فەرموودانە بۆمان دەر ئەکەوێ کە چۆن ئیسلام هانمان ئەدا چاك بین لە گەڵ خێزانەکانمان و چاکترینمانی لە گەڵ خیزانەکانمان کردووە بە چاکترین موسڵمان وە هانی داوین کە خزمەتی خێزانیشمان بکەین و ئەو خزمەتەشمان بۆ بە پاداشت ئەنوسرێ لای خوا ئەگەر لوقمە نانێك بخەینە دەمی خێزانمان یان قومە ئاوێکی بدەینێ بۆمان بە پاداشت ئەنوسرێ بەڕاستی خوای گەورە موسڵمانی بەڕێز کردووە وە ڕێزێکی زۆریشی بۆ ئافرەتەکانمان لە خوشك و دایك و کچ و خێزانمان داناوە نازانم لە چ بەرنامەو دینێکی دەست کردی بیری مرۆڤ ئەو ڕێزە هەیە بۆ ئافرەت !؟ بەڵام بەداخەوە زۆرێك لە موسڵمانان دوورن لە ئیسلام و ئاگایان لەم هەموو فەرموودە نیە لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم کە فەرمانمان پێ ئەکەن بە چاکە کردن لە گەڵ خێزانمان و دایك و خوشك و کچەکانمان ، لەبەر ئەوە بەناهەق ئەزێتیان ئەدەن و مافیان ئەخۆن و هەشە ئەیان کات بە خزمەت کارو لەوە زیاتریان پێ ڕەوا نابینێ ، بەداخەوە زۆر لە موسڵمانان دوورکەوتونەتەوە لە دینەکەیان بۆیە بوونەتە جێی گاڵتەی بێ بڕواکان و بوون بەماڵێکی قەڵپ بەسەر ئیسلامەوە ئیسلامیش لە کارە ناشیرنەکانیان بەریەو پێی ڕازی نیە ، دیارە فەرموودەی ترمان زۆرە لەو باسە بەڵام ئێمە بۆ هەر باسە ئەوەندە فەرموودەی ئاسان ئەبێ بۆمان ئەیهێنینەوە بۆ بیر خستنەوەو ئاگادار کردنەوەی خوشك و براکانمان داوا لەخوا ئەکەین کە ڕێنمویی هەمووومان بکات بۆ دەست گرتن بە قورئان و سوننەت .

**( ٩ ) چەند ڕەوشتێکی بەرز کە زۆربەی موسڵمانان بیریان چۆتەوەو کاری پێ ناکەن :-**

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( يا ايها الناس افشوا السلام واطعموا الطعام وصلوا الارحام وصلوا بالليل والناس نيام تدخلوا الجنة بسلام ) السلسلة الصحيحة ٥٦٩ واتە : ( ئەی خەڵکینە سەلام بڵاو

بکەنەوە =سەلام لە یەکتر بکەن= وە نان بدەن وە خزمایەتی بگەینن وە نوێژ بکەن بەشەو کە خەڵك خەوتون ئەچنە بەهەشتەوە بە سەلامەتی ) .

وە پیاوێك لە پێغەمبەری خوای صلى الله عليه وعلى اله وسلم پرسی : ( أي الاسلام خير ؟ قال : تطعم الطعام وتقرا السلام على من عرفت ومن لم تعرف ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( کام ئیسلامە لە هەمووی چاکترە ؟ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : نان بدەیت و سەلام بخوێنیت =بکەیت= لە هەر کەسێك بیناسی وە هەرکەسێك نەیناسی ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( افضل الاعمال ان تدخل على اخيك المؤمن سرورا او تقضي عنه دينا او تطعمه خبزا ) السلسلة الصحيحة ١٤٩٤ واتە : ( چاکترینی کردەوەکان ئەوەیە کە دڵ خۆشی و شادی بخەیتە سەر برا بڕوادارەکەت یان قەرزێکی بۆ بدەیتەوەو لەسەری لابەیت یان نانی بدەیت بیخوات ) .

لەم فەرموودانە فەزل و پاداشتی سەلام کردن لە موسڵمانان بیان ناسین یانا وە فەزلی نان دان و فەزلی دڵ خۆش کردنی موسڵمان و هەواڵی خۆش پێ گەیاندنی وە فەزلی شەو نوێژو فەزلی گەیاندنی خزمایەتی و بەسەر کردنەوەی خزمان وە فەزلی یارمەتی دانی بڕوادار بەوەی قەرزی لەسەر لابدەی ئەمانەمان هەموو بۆ ڕوون بۆوە لەم فەرموودانە ، ماوەتەوە کە بە خۆمانا بچینەوەو بزانین ئایا ئەم ڕەوشتانە کە هۆی چوونە بەهەشتن لە ئێمە هەن یان نا !؟ .

### ( ١٠ ) ئەو ئافرەتەی ئەیەوێ بچێتە بەهەشت

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( اريت النار فاذا اكثر اهلها النساء يكفرن قيل ايكفرن بالله قال يكفرن العشير ويكفرن الاحسان لو احسنت الى احداهن الدهر ثم رات منك شيئا قالت ما رايت منك خيرا قط ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( ئاگرم نیشان درا زۆربەی خەڵکەکەی ئافرەت بوون کوفر ئەکەن ووتیان : کوفر بەخوا ئەکەن ؟ فەرمووی کوفر بە چاکەی پیاویان ئەکەن وە کوفر بەچاکە ئەکەن =ئینکاری چاکەو چاکەی پیاویان ئەکەن= ئەگەر چاکە لەگەڵ یەکێکیان بکەی لە هەموو زەمەنا پاشان شتێکت لێ ببینێ ئەڵێت خێرم لەتۆ نەبینیە قەت ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إذا صلت المرأة خمسها و صامت شهرها و حصنت فرجها و أطاعت زوجها قيل لها : ادخلي الجنة من أي أبواب الجنة شئت ) صحيح الجامع ٦٦٠ واتە : ( ئەگەر ئافرەت پێنج نوێژەکەی بکات وە مانگەکەی بە ڕۆژوو بێت وە داوێنی بپارێزی بە پاکی وە گوێ ڕایەڵی مێردەکەی بکات پێی ئەوترێ : بڕۆ بەهەشتەوە لە هەر دەرگایەکی بەهەشت ئەتەوێ ) .

جا ئەی خوشکی بەڕێز هەوڵ بدە خۆت بپارێزە لە دەرچوون لە قسەی مێردت وە ئینکاری چاکە مەکەو نوێژەکانت بەجوانی ئەنجام بدەو ڕۆژوو بگرە لە ڕەمەزان بۆ ئەوەی دەربازت بێ لە ئاگری جەهەننەم و پێشوازیت لێ بکرێ بۆ بەهەشت و پێت بڵێن فەرموو لەهەر دەرگایەك پێت خۆشە بڕۆ بەهەشتەوە ! .

## ( ١١ ) لە پاش مردنت چی سوودت پێ ئەگەیەنێ

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه و اله وسلم ئەفەرموێ : (اذا مات الانسان انقطع عنه عمله الا من ثلاثة الا من صدقة جارية او علم ينتفع به او ولد صالح يدعو له) رواه مسلم واتە : ( ئەگەر مرۆۋ مرد کردەوەکانی لێ ئەپچڕێ ئیللا لە سێ شت نەبێ ئیللا لە سەدەقەیەکی بەردەوەام ڕۆیشتوو =لەپاش خۆی بمێنێ= یان زانستێکی =جێ هێشتبێ= سوودی لێ وەربگیرێ یان منالێکی چاکی =جێ هێشتبێ= دوعای بۆ بکا ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( سبع يجري للعبد أجرهن و هو في قبره بعد موته : من علم علما أو أجرى نهرا أو حفر بئرا أو غرس نخلا أو بنى مسجدا أو ورث مصحفا أو ترك ولدا يستغفر له بعد موته ) صحيح الجامع ٣٦٠٢ واتە : ( حەوت شت پاداشتەکەی بەردەوام ئەبێ بۆ بەندەو ئەویش لە گۆڕەکەیەتی لە پاش مردنی : کەسێك زانستێکی فێری =خەڵك= کردبێ یان ڕۆیشتنی ڕوبارێکی ئاسان کردبێ =بۆ خەڵك= یان بیرێکی هەڵکەندبێ یان دار خورمایەکی ڕواندبێ یان مزگەوتێکی دروست کردبێ یان موسحەفێکی =کتابی قورئانی= لە پاش جێ مابێ یان منالێکی جێ هێشتبێ داوای لێخۆشبونی لەخوا بۆ بکا ) .

**ئەم دوو فەرموودە زۆر سوودی تیایەو هانمان ئەدات بۆ زۆر شت لەوانە** :

یەکەم : هانمان ئەدات بۆ جوان و ڕاست پەروەردە کردنی منالەکانمان لە سەر ئیسلام بۆ ئەوەی کە مردین دوعای خێرمان بۆ بکەن و سوودمان پێ بگەینن ، دیارە پەروەردە کردنی منالیش لە پێشا ئەبێ دایکێکی خاوەن دین و ڕەوشت بەرزی بۆ هەڵبژێری تا یارمەتیت بدا بۆ پەروەردەکردنی .

دووەم : هانمان ئەدا بۆ فێر بوونی زانستی شەرعی وە زانستی بەسوود تا بتوانین ئێمەش فێری خەڵکی بکەین و لەپاش مردنمان پاداشتمان بەردەوام بێ .

سێهەم : هانمان ئەدا بۆ خزمەت کردنی موسڵمانان و ئاسان کردنی بەرژەوەندیەکانیان لەوانە ئاسان کردنی گەیشتنی ئاو پێیان بۆ خۆیان و مەڕو ماڵات و کشتوکاڵیان پاداشتی ئەمەش بەردەوام ئەبێ لە پاش مردنیشمان .

چوارەم : هاندانی موسڵمان بۆ ڕواندن و چاندنی داری بەسوود لە هەموو دارێکیش بە سوودتر داری خورمایەو تەمەن درێژە و سوود زۆر بە موسڵمانان ئەگەیەنێ لە پاش مردنیشت تا سوودی هەبێ پاداشتت مسۆگەرە .

پێنجەم : هاندانی موسڵمان بۆ بڵاو کردنەوەی کتێب و لەدوای خۆی جێی بێڵێ لە هەموو کتێبێك بەسود تریش قورئانی پیرۆزە تا خەڵك سوودی لێ ببینێ تۆش پاداشتت ئەبێ .

شەشەم : هاندان بۆ دروست کردنی مزگەوت و ئاسان کردنی پاداشتی تاپاداشتی بەردەوامت هەبێ لە ژیانت و لەدوای مردنت .
ئەوەی بیر لەو فەرموودانە بکاتەوە سوودی زیاتر و فەزڵی خوای زیاتر بۆ دەرئەکەوێ سبحانە وتعالی خوای گەورە رێگای خێر و پاداشتی بۆ ئاسان کردوین دەبا هەوڵ بدەین توێشوی قیامەتمان زیاد بکەین و کە مردین ناتوانین بێینەوە دونیا چاکە بکەین با ئەم شتانە لە دوای خۆمان جێ بێڵین تا پاداشتەکەمان بۆ بەردەوام بێت وەکو ئەوەی خۆمان لە دونیا بین !.

**( ١٢ ) هەندێ لە تاوانە گەورەکان کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئێمەی لێ ئاگادار کردۆتەوە**

(وعن ابن مسعود رضي الله عنه قال سألت رسول الله صلى الله عليه وسلم أي الذنب أعظم عند الله قال أن تجعل لله ندا وهو خلقك قال قلت له إن ذلك لعظيم قال قلت ثم أي قال ثم أن تقتل ولدك مخافة أن يطعم معك قال قلت ثم أي قال ثم أن تزاني حليلة جارك ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( لە عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت فەرمووی لە پێغەمبەری خوام پرسیار کرد صلى الله عليه وعلى اله و سلم چ تاوانێك لە هەمووی گەورە ترە لای خوا ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەوەی کە هاوبەش دانێی بەوەی کەسێك بێنیتە ڕیزی خواو خواش تۆی دروست کردووە ، ئینجا عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت ئەڵێ ووتم ئەمە شتێکی گەورەیە بەتەئکید ئەڵێ ووتم ئەی لە پاش ئەوە چ تاوانێکە ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : پاش ئەوە گەورەترین تاوان منداڵەکەت بکوژی لە ترسی ئەوەی لەگەڵت نان بخوا =لە ترسی فەقیری= ، ئینجا عبدالله ی کوڕی مەسعود خوا لێی ڕازی بێت ئەڵێ ئەی لە پاش ئەوە چ تاوانێکە ؟ پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : پاش ئەوە گەورەترین تاوان ئەوەیە کە زینا بکەی لە گەڵ حەڵاڵی جیرانەکەت =لەگەڵ ئافرەتی جیرانەکەت=) .
وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( ألا أنبئكم بأكبر الكبائر ثلاثا قالوا بلى يا رسول الله قال الإشراك بالله وعقوق الوالدين وجلس وكان متكئا فقال الا وقول الزور قال فما زال يكررها حتى قلنا ليته سكت ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئایا هەواڵتان پێنەدەم دەربارەی گەورەترینی تاوانە گەورەکان ؟ سێ جاران ئەمەی دووبارە کردەوە ووتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : هاوبەش دانان بۆ خوا وە دەرچون لە گوێڕایەڵی و ئەزێت دانی دایك و باوك ئینجا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم پاڵ کەوتبوو دانیشت فەرمووی : ئاگادار بن لەو تاوانە گەورانەیە قسەی درۆ و شاهێدی دان بە درۆ ئەفەرموێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم هەر ئەمەی دووبارە ئەکردەوە هەتا ووتمان خۆزگە بێ دەنگ بوایە=الزور یانی ڕازاندنەوەی باتڵ ونیشاندانی بەحەق بەدرۆ= ) .
وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : (اجتنبوا السبع الموبقات قيل يا رسول الله وما هن قال الشرك بالله والسحر وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق وأكل مال اليتيم وأكل الربا والتولي يوم الزحف وقذف

المحصنات الغافلات المؤمنات) رواه البخاري ومسلم واته : ( خۆتان بپارێزن و دوور کەونەوەو پشت بکەنە ئەو حەوت تاوانەی کە خاوەنەکەی بە هیلاك ئەبات ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەمانە کام تاوانن ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : هاوبەش دانان بۆ خوا وە سیحر وە کوشتنی نەفسێك کە خوا حەرامی کردووە تەنها بە حەق نەبێ وە خواردنی ماڵی یەتیم وە خواردنی ڕیبا وە ڕاکردن لە ڕۆژێك کە بەرامبەری دوژمنانی ئیسلامی لە جیهاد وە بوختان کردن بۆ ئەو ئافرەتانەی داوێن پاکن و بێ ئاگان و بڕوادارن ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( من الكبائر شتم الرجل والديه قالوا يا رسول الله وهل يشتم الرجل والديه قال نعم يسب أبا الرجل فيسب أباه ويسب أمه فيسب ) رواه مسلم واته : ( لە تاوانە گەورەکانە کەسێك جنێو بدا بە دایك و باوکی خۆی ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم جا پیاو جنێو بە دایك و باوکی خۆی ئەدات ؟! پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم فەرمووی : بەڵێ جنێو بە باوکی پیاوێ ئەدا ئەویش جنێو بە باوکی ئەداتەوە ، وە جنێو بە دایکی پیاوێك ئەدا ئەویش جنێو بە دایکی ئەداتەوە ).

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( الخمر أم الفواحش و أكبر الكبائر ، من شربها وقع على أمه و خالته و عمته ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٨٥٣ و٣٣٤٥ في صحيح الجامع واته : ( مەی =هەرشتێ بێ هۆش کەر بێت= دایکی تاوانە ناشیرنەکانە وە گەورە ترینی تاوانە گەورەکانە ، کەسێك بیخواتەوە ئەکەوێتە سەر دایکی وە خوشکی دایکی وە خوشکی باوکی =یانی هۆشی نامێنی و زینایان لەگەڵ ئەکات=) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێ : ( درهم ربا يأكله الرجل – و هو يعلم – أشد عند الله من ستة و ثلاثين زنية ) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٠٣٣ واته: ( پیاوێك درهەمێك ڕیبا بخوات و بزانێ کە ڕیبایە لای خوا گەورە ترە لە سی و شەش زینا ).

**لەم فەرموودانە با سوود وەربگرین و بەخۆمانا بچینەوە**

ئایا ئەزانین کە هاوبەش دانان کە پەرستنی دروست کراوێکە لە گەڵ خوا بەوەی داوا لە غەیری خوا بکەیت لە مردوان و گۆڕەکانیان و لێی بپاڕێیتەوە یان ئاژەڵی بۆ سەربڕی یان جۆرێك لە جۆرەکانی پەرستنی بۆ ئەنجام بدەیت ئەوە گەورە ترینی هەموو تاوانەکانە !؟

وە ئایا ئەزانین کە کوشتنی مناڵی خۆت لە ترسی برسیەتی یان کوشتنی نەفسێك بە ناحەق لە گەورەترینی تاوانە گەورەکانە !؟

وە لەو فەرموودە با تێبگەین کە بۆمانی باس کردووە ئەگەر کەسێ ببێ بە هۆی ئەوەی جنێو بە دایك و باوکی بدرێ ئەوە تاوانێکی گەورەیە ! ئەی باشە ئەگەر کەسێك خۆی جنێو بدا بەدایك و باوکی یان لێشیان بدا ئەبێ حاڵی چۆن بێ !؟

سەیر کەن خواردنی ماڵی یەتیم تاوانێکی گەورەیە وە سەیر بکەن یەك درهەمی ڕیبا بخۆی گەورە ترە لای خوا لە سی و شەش زینا ! ئەی چ بەو کەسانە بڵێی کە سەروەت و سامانیان پێك هاتبێ لە ماڵی یەتیم زەوتیان کردبێ یان بە ڕیبا کۆی کردبێتەوە و خۆی لەگەڵ منداڵەکانی قەڵەو بکا بەوماڵە حەرامە ئەبێ چ تاوانێکی هەبێ و چ سزایەکی بۆ داندرابێ ! ؟

وە با ئەو کەسانەی چاویان لە حەڵاڵی جیرانی خۆیانەو مەی خواردنەوە پیشەیانە بە خۆیانا بڕۆنەوەو بزانن کە خەریکی تاوانی گەورەن و سزای گەورەش چاوەڕێیانە ، وە ئەو فەرموودانە بە جوانی بخوێنەوەو تێی بگە ئەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم نەهی لێکردووە ئاگادار بە لەوەی لێی نزیك بیت و خۆت توشی سزا بکەیت پاش ئەوەی کە فەرموودەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەبینی ئیتر هیچ عوزرێك نامێنێ با ئاگادار بین لەو کەسانە نەبین کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەربارەیان ئەفەرموێ : (كل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى . قالوا يا رسول الله : ومن أبى ؟ قال : من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى ) رواه البخاري =ماناکەی پێشتر ڕوون کراوەتەوە=.

**(١٣) بۆ ئەو کەسانەی نوێژ بە پەلە ئەکەن ئایا دڵنیان نوێژەکانتان قبوڵە لای خوا ؟**

( عن ابي هريرة رضي الله عنه ان رجلا دخل المسجد فصلى ورسول الله صلى الله عليه وسلم في ناحية المسجد فجاء فسلم عليه فقال له : ارجع فصل فانك لم تصل فرجع فصلى ثم سلم فقال وعليك ارجع فصل فانك لم تصل قال في الثالثة فاعلمني قال اذا قمت الى الصلاة فاسبغ الوضوء ثم استقبل القبلة فكبر واقرأ بما تيسر معك من القران ثم اركع حتى تطمئن راكعا ثم ارفع راسك حتى تعتدل قائما ثم اسجد حتى تطمئن ساجدا ثم ارفع حتى تستوي وتطمئن جالسا ثم اسجد حتى تطمئن ساجدا ثم ارفع حتى تستوي قائما ثم افعل ذلك في صلاتك كلها ) رواه البخاري و مسلم واتە : ( لە ابي هريرة ڕەزای خوای لە سەر بێت ئەفەرموێ : پیاوێك هاتە ناو مزگەوتەوە نوێژی کرد پێغەمبەری خواش صلى الله عليه وعلى اله وسلم لە لایەکی مزگەوت بوو جا هات سەلامی کرد لە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەویش پێی فەرموو : بگەڕێوە نوێژ بکە چونکە تۆ نوێژت نەکرد ! جا پیاوەکە گەڕاوە نوێژی کرد پاشان دیسان هاتەوە سەلامی کرد ، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : سەلام لە سەر تۆش و دوو بارە پێی فەرموو : بگەڕێوە نوێژ بکە تۆ نوێژت نەکرد ، لە سێهەم جار پیاوەکە ووتی : فێرم بکە =چۆن نوێژ بکەم= پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم فەرمووی : ئەگەر هەڵسای بۆ نوێژ =ویستت نوێژ بکەی= ئەوە دەست نوێژێکی جوان بگرە =یانی کەم و کوڕی نەبێ= پاشان ڕوو بکە قیبلە و بڵێ الله اكبر ئینجا ئەوەنەی بۆت ئاسانە قورئانی کە لات هەیە =یانی لە بەرتە= بخوێنە ، پاشان ڕکوع بەرە =بڕۆ بۆ ڕکوع= هەتا ئەمێنیتەوە =بە شێوەیەك کە هەموو ئێسك و ماسولکەکان ئەوەستن= لە ڕکوع ، پاشان سەرت بەرز بکەوە هەتا ڕاست ئەبیتەوە و ئەوەستی ، پاشان کڕنوش =سەجدە= بەرە تا ئەمێنیتەوە لە سەجدە ، پاشان سەر

بەرز بکەوە هەتا ڕاست ئەبیتەوە و دا ئەنیشی بە تەواوی ئەمێنیتەوە لە دانیشتنەکەت ، پاشان کڕنوش بەرەوە تا ئەمێنیتەوە لە کڕنوش =مەبەست لە مانەوە لە و روکنانە مانەوەیە تا زیکرەکان بە ڕەوانی ئەخوێنی و پەلە نەکردنە= پاشان سەر بەرز بکەوەو هەڵسەوە تا ئەوەستیت بە پێوە ، پاشان ئەوە بکە لە هەموو =ڕکاتەکانی= نوێژەکەت ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( إن الرجل ليصلي ستين سنة و ما تقبل له صلاة و لعله يتم الركوع و لا يتم السجود و يتم السجود و لا يتم الركوع ) . سلسلة الاحاديث الصحيحة **٢٥٣٥** واتە : ( پیاوی وا هەیە نوێژ ئەکات شەست ساڵ وە نوێژەکەشی لێ وەر ناگیرێ _قبوڵ نابێ لای خوا_ لە وانەیە رکوعی تەواو بکات بەڵام سەجدەی تەواو نەبێ ، وە سەجدەی تەواو ئەکا ڕکوعی تەواو ناکات ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( لا ينظر الله عز وجل إلى صلاة عبد لا يقيم فيها صلبه بين ركوعها و سجودها ) . سلسلة الاحاديث الصحيحة **٢٥٣٦** واتە : ( خوای عز وجل سەیری نوێژی بەندەیەك ناکات کە پشتی بەرز ناکاتەوەو ناوەستێ لە بەینی ڕکوع و سەجدە بردنیدا ) .

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرموێ : ( الصلاة ثلاثة أثلاث : الطهور ثلث و الركوع ثلث و السجود ثلث ، فمن أداها بحقها قبلت منه و قبل منه سائر عمله و من ردت عليه صلاته رد عليه سائر عمله ) . سلسلة الاحاديث الصحيحة **٢٥٣٧** واتە : ( نوێژ سێ بەشە : پاکی =دەست نوێژ= بەشێکە وە ڕکوع بەشێکە وەسەجدە بردن بەشێکە ، ئەوەی ئەنجامی بداو بیگەیەنێ بە ماف خۆیەوە ئەوە لێی وەرئەگیرێ =نوێژەکەی= وە هەموو کردەوەکانی تری لێ وەر ئەگیرێ =لای خوا قبوڵ دەبێ= وە هەر کەسێ نوێژەکەی بە سەردا بدرێتەوەو لێی وەر نەگیرێ =لای خوا قبوڵ نەبێ= ئەوە هەموو کردەوەکانی بە سەردا ئەدرێتەوەو لێی وەر ناگیرێ ) .

**با سوود وەربگرین لەو فەرمودانە**

نوێژ پایەی دووەمە لە ئیسلامدا وە گەورەترین فەرزە لە پاش بڕوا بوون بە خواو بڕوا بوون بە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم جا کە ئاوها گرنگ بێ لە سەرمان پێویستە لە هەموو شتێك زیاتر گرنگی پێ بدەین و بیپارێزین ، سەیر بکەن ئەگەر کەسێك نوێژی لێ وەرنەگیرێ لای خوا هەموو کردەوەکانی لێ وەر ناگیرێ ! با ئەو کەسانە بە خۆیانا بچنەوە کە نوێژەکانیان بە پەلە ئەکەن و هەر لە کۆڵ خۆیانی ئەکەنەوە ، وە ئەوانەش بە خۆیانا بچنەوە کە هەر نوێژ ناکەن و ئەڵێن وەڵا دڵمان باشەو چاکە ئەکەین و کەس ئەزیەت نادەین ! ئاخر ئەوەی نوێژ بکا بەڵام بە کەم و کورپەوە و سەجدەو رکوعی تەواو نەبێو پەلە بکا ئەوە نوێژەکەیشی و چاکەکانی تریشی لێ وەر ناگیرێ ئەی چی بۆ ئەو کەسەیە کە هەر نوێژ ناکاو خۆشی بە کەسێکی چاك ئەزانێ !!!؟ وە با کەس بەوە نەخەڵەتێ بڵێ من ئەوەنە ساڵە نوێژ ئەکەم ئەگەر نوێژەکانی بە جوانی نەکات و سەجدەو ڕکوعی تەواو نەبێ ئەوە هەر ماندوو بوونی بۆ ئەمێنێتەوە لە بەر ئەوە با هەمووومان بە نوێژەکانمان بچینەوە تا بۆمان ئەکرێ پێش ئەوەی مردن بێتە سەرمان ئەو کاتە بە هیچ دەرمانێ چارمان ناکرێ !.

**( ١٤ ) هەڵوێست بەرامبەر سەرکردەی وڵاتی موسڵمان ئەبێ چۆن بێ ؟**

پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( السمع والطاعة على المسلم فيما احب وكره ما لم يؤمر بمعصية فاذا امر بمعصية فلا سمع ولا طاعة ) متفق علیه واتە : ( گوێڕایەڵی سەرکردە لە سەر موسڵمانە لەوەی پێی خۆش بێ یان پێی ناخۆش بێ ، بەڵام ئەگەر فەرمانی پێ کرا بە تاوان ئەوە ئەو کاتە لە سەری نیە گوێڕایەڵی بکات ) .

لەو فەرموودە بۆمان دەر ئەکەوێ موسڵمان لەسەری واجبە گوێڕایەڵی سەرۆکی وڵات بکات لەوەی پێی خۆشە یان پێی ناخۆشە مادام تاوان نەبێت بەڵام ئەگەر فەرمانی بەتاوان پێکرا ئەوە لە تاوان بە قسەی ناکات.

وە پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( الا من ولي عليه وال فراه ياتي شيئا من معصية الله فليكره ما ياتي من معصية الله ولا ينزعن يدا من طاعة ) رواە مسلم واتە : ( ئاگادار بن هەر کەسێك لە ئێوە سەرکردەیەك بوو بە سەرکردەی بینی ئەچێ بەلای شتێ لە تاوان و سەرپێچی فەرمانی خوا ، ئەوە با ڕقی بێ لەو تاوان و سەرپێچیەی فەرمانی خوا وە با لە گوێڕایەڵی ئەو سەرکردە دەرنەچێ ) .

لەو فەرموودە بۆمان دەرئەکەوێ ئەگەر سەرۆکی وڵات تاوانی ئەنجام ئەدا دەبێ ڕقمان لە تاوانەکەی بێت بەڵام نابێ لە گوێڕایەڵی دەرچین تەنها ڕقمان لە تاوانەکەی ئەبێت و لەتاوان بە قسەی ناکەین .

وە لە ( عبادة بن الصامت ) ڕەزای خوای لێبێ : ( بايعنا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم على السمع والطاعة في منشطنا ومكرهنا وعسرنا ويسرنا واثرة علينا وان لا ننازع الامر اهله الا ان تروا كفرا بواحا عندكم فيه من الله برهان ) متفق علیه واتە : ( پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم پەیمانی لێ وەرگرتین لە سەر گوێڕایەڵی سەرکردەکانمان لە کاتی ئاسانی و خۆشی و ناخۆشیمان و زەحمەتیمان وە لە کاتێك ئەگەر مافمانیش بخوات و بۆ خۆی بەرێ ، وە لەسەر ئەوە پەیمانی لێ وەرگرتین کە دژایەتی خاوەنی دەسەڵات نەکەین ئیللا ئەگەر کوفرێکمان لێ بینی کە کوفرێکی ئاشکراو ڕوون بێ مەجالی تەئویلی نەبێ و بەڵگەی لە سەر بێ لە لایەن خواوە ) .

لەو فەرموودە بۆمان دەر ئەکەوێ کە لەسەرمان واجبە گوێڕایەڵی سەرۆکی وڵات بکەین ئەگەریش ماڵی میللەتی یان بەیتولمالی بۆ خۆی ئەبرد و دەیدا بەخزمەکانی و بەس! وە نابێ لەسەر پارەو دونیاو بودجە شەڕی لەگەڵ بکەین و لە گوێڕایەڵی دەرچین و دژایەتی بکەین تەنها لە سەر ئەوەی ئەگەر کوفری بە ئاشکرای کرد و کافر بوو ئەو کات ئەتوانین دژایەتی بکەین و هەوڵی گۆڕینی بدەین ئەگەر توانامان هەبوو!

( حذيفة ) ڕەزای خوای لێبێ لە پێغەمبەرەوە صلی الله علیه واله وسلم بۆمان ئەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : ( ستكون بعدي أئمة لا يهتدون بهدي ، ولا يستنون بسنتي ، وسيقوم فيهم رجال قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان انس قال حذيفة : كيف أصنع ان أدركت ذلك ؟ قال : تسمع وتطيع الأمير ، وان ضرب ظهرك ، وأخذ مالك فاسمع واطع ) رواە مسلم واتە : ( لە پاش من = پاش پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم = ئیمام و سەرکردەی وا دێن کە لە سەر هیدایتی من نین وە لە سەر سوننەتی من نین ، وە پیاوی وایان تیا هەڵئەکەوێ کە دڵیان دڵی

شەیتانەکانەو لە لاشەی ئینسانە =حذیفة= ڕەزای خوای لێبێ ووتی ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم چی بکەم ئەگەر گەیشتم بەم ڕۆژە ؟ پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم فەرمووی : گوێ ڕایەڵ بەو لە ژێر فەرمانی ئەمیر بە ئەگەر لە پشتیشی دای وە ماڵیشی بردی لە ژێر فەرمانی بەو گوێڕایەڵ بە ).

لەو فەرموودە بە جوانترین شێوە بۆمان ڕوون کراوەتەوە کە ئەگەر سەرۆکی وڵات ئەوەندە ستەمکار بوو شەیتان بێت لە جسمی ئینسان ئەوجا ماڵمان بەزۆر بەرێت و لە پشتمان بدات هەر ئەبێت لە گوێڕایەڵی دەرنەچین و دژایەتی نەکەین ئیتر ئەوە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە قسەی بریق و باقی کەس مەخەڵەتێن با کەس بۆ گیرفانی خۆی نەتانکاتە سووتەمەنی !

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( أنكم سترون بعدي أثرة وأمورا تنكرونها قالوا : فما تأمرنا يا رسول الله ؟ قال : أدوا إليهم حقهم وسلوا الله حقكم ) رواه البخاري واتە : ( ئێوە لە پاش من شتی وا ئەبینن =لە دەسەڵات دارەکان= کە مافتان ئەخۆن و بۆ خۆیانی ئەبەن و شتی وا کە ئەزانن تاوانە و ستەمە ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بە چی فەرمانمان پێ ئەکەی لەو کاتە =کە ئەو ستەمەمان لێکرا= ؟ = پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم= فەرمووی : ئێوە مافی ئەوان بدەن و بیگەینن وە مافی خۆتان لە خوا داوا بکەن ) .

لەو فەرموودەش فەرمانمان پێکراوە لەو کاتەی کە سەرۆکی وڵاتمان ستەمکار بوو مافی وەماڵی ئێمەی بەناحەق دەخوارد ئەوە ئارام بگرین و دژایەتی نەکەین لەسەر دونیا بەڵکو مافی ئەو لەسەرمان چیە بیدەین وە مافی خۆمان لە خوا داوا کەین و دوعای بکەین خوا دڵی نەرم بکات مافمان بگێڕیتەوە ئەوە فەرمانی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم نابێ چاو لە کافران بکەینەوە موزاهەرەی بکەین یان مانی بگرین یان دژایەتی سەرکردە بکەین و چەکی بەرەو ڕوو هەڵبگرین با بەوەش نەخەڵەتێین هەندێ کەس بەناوی ئیسلام ئەوکارەی ئەکەن ئیسلام لەو کارانە بەریەو ئەوە بۆ خۆ دەوڵەمەند کردنیانە موسڵمان کێشەی دونیا نیە بەڵکو دینە دونیا بەقوربانی دین ئەکات نەك دین بە قوربانی دونیا !

وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( مَنْ كَرِهَ مِنْ أَمِيرِهِ شَيْئًا فَلْيَصْبِرْ عَلَيْهِ فَإِنَّهُ لَيْسَ أَحَدٌ مِنْ النَّاسِ خَرَجَ مِنْ السُّلْطَانِ شِبْرًا فَمَاتَ عَلَيْهِ إِلَّا مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً ) متفق عليه واتە : (ئەوەی شتیچکی بینی لە سەرکردەکەی کە ڕقی لەو شتە بێت با ئارام بگرێ لەسەری چەونکە بە تەئکید کەسێك نیە لە خەڵك دەربچێ لە دەسەڵاتدار بستێك جا لەسەری بمرێ ئیللا دەمرێ مردنێکی جاهیلی).

لەو فەرموودە ناشیرنی تاوانی دەرچوون لە گوێڕایەڵی سەرکردەمان بۆ دەرئەکەوێ کە ئەگەر بستێك بێت دەرچوونەکە لەسەری بمری بەجاهیلی ئەمری! پەنا بەخوا ئەی چی بێ ئەگەر کەسێك بە چەکیش بەرەنگاری سەرۆکی وڵات بێتەوە ! ؟

وه پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( مَنْ خَلَعَ يَدًا مِنْ طَاعَةٍ لَقِيَ اللَّهَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا حُجَّةَ لَهُ وَمَنْ مَاتَ وَلَيْسَ فِي عُنُقِهِ بَيْعَةٌ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً ) رواه مسلم واته : (ئەوەی دەستی هەلگرێ لە گوێڕایەڵی سەرۆکی وڵات ئەگاتەوە بە خوا لە قیامەت وە بەلگەی بەدەستەوە نیە وە ئەوەی بمرێ وە پەیمانی گوێڕایەڵی لەگەڵ سەرۆك =بیعة= ی لەمل نەبێت ئەوە ئەمرێ مردنێکی جاهیلی).

لەو فەرموودە ئەبینین کە موسڵمان ئەگەر لە گوێڕایەڵی دەرچێت چۆن لە قیامەت بێ بەڵگە ئەبێت! بێگومان دۆڕانی قیامەتیش گەورە ترە لە دۆڕانی دونیا لەبەر ئەوە با لە دونیا ماف خوراو بیت باشترە لەوەی لە قیامەت بێ بەڵگە بمێنی و حیسابی جاهیلانت بۆ بکرێ لەبەر ئەوەی مردووی بێ ئەوەی پەمانی گوێڕایەڵیت لەمل بوبێ!.

ئەو فەرموودانە فەرموودەی سەحیحن جێی شك و گومان نین بەڵام بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان لێی بێئاگان یان خۆیان لێ بێ ئاگا ئەکەن و شوێن ڕێچکەی خەواریجان ئەکەون و کێشەی گەورەیان دروست کردووەو موسڵمانێکی زۆریان توشی ناخۆشی و ئازار کردووە بە گرتنی ئەو ڕێگا چەوتانەی کە ئیسلام لێی بەریە! وە بەداخەوە کەسانێکی نەفام چ لە حیزبە بەناو ئیسلامیەکان بن یان بەگشتی ئەوانەی خەڵەتاون یان خەڵکی ئەخەڵەتێنن بە من و ئەمسالی من کە ئەو فەرموودانە بیری خەڵك ئەهێنینەوە ئەڵێن ئەوانە خزمەتی دەسەڵات ئەکەن و دیفاعی لێدەکەن! پەنا بەخوا من وەڵامم ئەوەیە ئەو شتانە قسەی من نیە هی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وعلی اله وسلم کە بە وەحی بۆی دابەزیوە ئەگەر ئێوە مەبەستانە بڵێن پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم و وەحی دیفاعی لە ستەم ئەکات ئەوە دیارە کەسێ ئەوە بڵێ موسڵمان نیە! وە ئەگەریش مەبەستان ئەوەیە ئێمە ئاواین ئەوەش ڕاست نیە چونکە من تەنها فەرموودەی پێغەمبەری خوام صلی الله علیه وعلی اله وسلم هێناوە! قسەی خۆم نیە! وە ئێوەش خۆتان لە هەموو کەسێ سوود مەند ترن لەو دەسەڵاتەی کە بە کافری ئەزانن یان بە ستەم کارو گەندەڵی ئەزانن چونکە پارووی چەوریان لەگەڵ بەش ئەکەن و هاوپەیمانیان لەگەڵ ئەکەن! وە مانگانەشتان لەوانەوە وەر ئەگرن کەسیش ئەوەی لێ شاراوە نیە!

وە پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( من اراد ان ينصح لذي سلطان فلا يبده علانية ولكن ياخذ بيده فيخلوا به فان قبل منه فذاك والا كان قد ادى الذي عليه ) صححه الالباني في كتاب السنة لابن ابي العاصم ١٠٩٦ واتە : ( کەسێك ویستی ئامۆژگاری خاوەن دەسەڵاتێك بکا با بە ئاشکرا نەیکا بەڵکو دەستی بگرێ تەنیا بمێننەوە ئینجا ئامۆژگاری بکا ئەگەر وەری گرت ئەوە چاکە ئەگەر وەری نەگرت ئەوە ئەو واجبەی لە سەری بوو گەیاندی ) .

لەو فەرموودە بۆمان دەرئەکەوێ کە چۆنیەتی نەسیحەتی سەرۆکی وڵات و دەسەڵاتدار بە نهێنیەو نابێ بە ئاشکرا بێت لە ناو خەڵك و لەسەر مینبەرا بێت!

**ئایا موسڵمانان چەندە پەیوەستن بەم فەرموودانە ؟**

بەڵێ ئەوە فەرمانی پێغەمبەرە صلی الله علیه واله وسلم کەسێك بینی سەرکردەکەی تاوان ئەکا با ڕقی بێ لە تاوانەکەی بەڵام لە گوێ ڕایەڵی دەرنەچێ تەنها ئەگەر فەرمانی بە تاوان کرد لە تاوان بە قسەی نەکا ، وە لە سەر ( سمع والطاعة ) و گوێ ڕایەڵی ئیمام پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم پەیمان ( بیعة ) ی وەرئەگرت لە هاوەڵەکانی ڕەزای خوایان لێبێ لە کاتی خۆشی و ناخۆشیان وە لەکاتی گرانی و سانایی وە ئەگەر هەقیشیان بخوا دەرنەچن لە گوێ ڕایەڵیان و دژایەتیان نەکەن ئیللا ئەگەر بینیان کوفرێکی ئاشکرایان کرد کوفرێك وەك ڕۆژ دیار بێ و بەڵگەیان هەبێ لای خوای گەورە واتە لە وەحی بەڵگە هەبێ کە ئەمە کوفرەو هیچ گومان و دوو دڵی نەبێ وە مەجالی هیچ شوبهەیەك نەبێ ، وە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم فێری کردوین ئەگەر سەرۆك پارەو مافی ئێمەی خوارد ئەوە ئێمە مافی ئەو نەخۆین مافی بدەین لە گوێ ڕایەڵی مافی خۆشمان لە خوا داوا بکەین نەك بچین شەڕی لە گەڵ بکەین ، ئەوە ڕێگای سەلەفیە ڕێگای ئیسلامی ڕاستەقینە وە ئەمە لە بەر ئەوە ناڵێین تا خۆمان بەهیچ کەسێك هەڵواسین یان لە کەس بترسین ، بەڵکو ئەمە فەرمانی پێغەمبەرە صلی الله علیه واله وسلم وە مەنهەجی ئەهلی سوننەو جەماعەتە وە پێچەوانەی ئەمە مەنهەجی خەواریجەکانەو لادانە لە فەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم .

**دیاریشە لە بیرو باوەڕی سەلەفی هیچ کەسێك بێ تاوان نیەو بێ هەڵە نیە لەوانەش سەرکردەکان** ، بەڵام لە ئیسلام بۆمان ڕوون کراوەتەوە کە ئەبێ چۆن ئامۆژگاریان بکەین و نەهیان لێبکەین لە خراپەو ئەمریان پێبکەین بە چاکە ، نابێ لە سەر مینبەرو لە ناو خەڵکا باسی خراپەو تاوانەکانیان بکەین تا خەڵك هان بدەین بۆ ئەوەی لێیان هەڵگەڕێنەوە بەڵکو ئەبێ بە نهێنی وە لە ڕووی خۆیان ئامۆژگاری بکرێن بۆ ئەوەی نەبێ بە ئاژاوەو فیتنە لە ناو موسڵمانان و ئەو سەرکردە لە بەر چاوی خەڵك نەکەوێ ئەو کاتە بە قسەی ناکرێ و ئەبێ بە فیتنەو موسڵمانان پارچە پارچە ئەبن و لاواز ئەبن ، هەندێك گومانیان هەیەو ئەڵێن ئەی باشە ئەوە نیە پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەفەرموێ : ( افضل الجهاد کلمة حق عند سلطان جائر ) سلسلة الاحادیث الصحیحة ٤٩١ واتە : (باشترین جیهاد ئەوەیە قسەی هەق بکەی لای دەسەڵاتداری زاڵم ) . بەڵێ ئەوە جیهادەو گومانی تێدا نیە بەڵام ئەبێ لای دەسەڵاتدار لەڕووی قسە بکەی هەقی پێ بڵێی نەك لە سەر مینبەرو لە ناو خەڵك بە خراپە باسی بکەی وە خەڵك هان بدەی بۆ دژایەتی کردنی کەچی لە بەرامبەری بلەرزی و مەدحی بکەی یان داوای پارەی لێ بکەی یان لە هەموو خەڵك زیاتر بە دەمیەوە پێ بکەنی و مەدحی بکەی ! ئەوەی کە باسمان کرد و ڕوونمان کردەوە شتێك نیە لە خۆمانەوە هێنابمان وە هەڵبەستراو بێ ئەوە فەرمانی پێغەبەری خوایە صلی الله علیه واله وسلم وە ئەوە تێگەیشتن و باوەڕی هاوەڵە بەڕێزەکانە ڕەزای خوایان لێبێ وەئەوە باوەڕی زانایانی سەلەفیە بە درێژایی مێژوو لەخۆمانەوە یان لە ترسا یا لە بەر خاتری هیچ کەسێك ئەوە ناڵێین بەڵکو ئەوە دینەو واجبە لە سەرمان ڕوونی بکەینەوە ، وە لە هەموو کتێبەکانی سەلەف ئەم باسە ڕوون کراوەتەوە بۆ نمونە لە کتێبی سەحیحی بوخاری و موسلیم وە هوموو کتێبەکانی کە نوسراون بۆ ڕوون کردنەوەی بیرو باوەڕی سەلەف ، بۆیە ئەمە ئەڵێم چونکە هەندێ شەمشەمە کوێر ئەوانەی چاویان بە بانگەوازی ڕاستەقینەی ئیسلام بانگەوازی سەلەفی هەڵنایە لە حیزبی بە

ناو ئیسلامی و خەواریجەکان ئەڵێن سەلەفیەکان پشت گیری دەسەڵاتدار ئەکەن و دژایەتی ناکەن لەگەڵ ئەوەش ئەبینین کە خۆیان ئەم حیزبە بەناو ئیسلامیانە چۆن پارە لە سەرکردە وەر ئەگرن و برا بەشیانن و خزمەتیان ئەکەن کەچی هێشتا ئەڵێن سەلەفیەکان بە ڕاستی سەیرە ! یانی ئەبێ جێبەجێ کردنی فەرمانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم لای ئەوان مانای عەمیلی بێ ئایا ئەمە لە ڕقیان بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه واله وسلم وا ئەڵێن ! ! ! یان ئەمە لە بەرژەوەندیە نا شەرعیەکانیان ئەدا ! ؟ هەر کامێکیان بێ هەر تاڵە پەنا بە خوا لە فیتنەی گومڕاو سەر لێشێواوان .

دیارە ئەم فەرموودەیەی ( حذیفة ) ڕەزای خوای لێبێ هیچ شتێك ناهێڵێتەوە ئەڵێ ئەگەر دڵیان دڵی شەیتان بێ لە لاشەی ئینسان بە زوڵم و ستەم لێتان بدەن وە ماڵتان ببەن دەرمەچون لە فەرمانیان =یانی لە چاکە= باشە لە وە زیاتر هەیە ئەگەر سەرکردە ئەوەندە زاڵم و ستەم کار بێ نابێ شەڕی لە گەڵ بکەین وە دژایەتی بکەین مادام کافر نەبێ بەڵگە هەیە لەمە بەهێزتر بۆ ئەوەی تێی بگەن چی بە کەسێك بڵێین چاوی دڵی کوێر بووە موخالەفەی ئەم فەرموودەو فەرموودەکانی تری پێغەمبەر صلی الله علیه واله وسلم ئەکا هێشتا خۆشی پێ ڕاست بێ وە ئێمەی پێ عەمیل بێ تۆ بڵێی وا بە پێغەمبەریش صلی الله علیه واله وسلم بڵێن چونکە ئێمە فەرمانی ئەو جێبەجێ ئەکەین ! ؟ .

**( ١٥ ) ئەگەر سوێند بخۆی لە سەر شتێ دوای ببینی ئەو سوێندە زیانت پێ ئەگەیەنێ**

لە عبد الرحمن کوڕی سمرة خوا لێی ڕازی بێت ئەفەرموێ : پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم پێی ووتم : ( واذا حلفت علی یمین ، فرایت غیرها خیرا منها ، فات الذي هو خیر ، وکفر عن یمینك ) متفق علیه واتە : ( وە ئەگەر سوێندت خوارد لە سەر شتێك ، دوای بینیت غەیری ئەو شتە خێری تێدایە ، ئەوە خەیرەکە بکە =سوێندەکەت بشکێنە= ، وە کەفارەتی سوێندەکەت بدە ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێت : ( من حلف علی یمین ، فرای غیرها خیرا منها ، فلیکفر عن یمینه ، ولیفعل الذي هو خیر ) رواه مسلم واتە : ( کەسێك سوێندی لە سەر شتێ خوارد ، وە بینی غەیری ئەو شتە چاکترە بۆی ، با کەفارەتی سوێندەکەی بدات ، وە ئەوە بکا کە بۆی چاکەو خێرە ) .

وە پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم ئەفەرموێت : ( اني والله ان شاء الله لا احلف علی یمین ، ثم اری خیرا منها الا کفرت عن یمیني ، واتیت الذي هو خیر ) متفق علیه واتە : ( وە من والله ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت و بیەوێ =ان شاء الله= سوێند ناخۆم لە سەر شتێ ، پاشان بۆم دەرکەوێ کە شکاندنی خێری تێدا بۆم و باشترە ئیللا کەفارەتی سوێندەکەم ئەدەم ، وە ئەوە ئەکەم چاکەو خێری تێدا بۆم ) .

**لەسوودەکانی ئەم فەرموودانە**

هەر كەسێ سوێند بخوا لە سەر هەر شتێ كە تاوان بێ ئەوە ئەبێ دەست بە جێ پەشیمان بێت و كەفارەتی سوێندەكەی بدات ، وە ئەگەر كەسێ سوێندی خوارد لەسەر شتێ دوای بۆی دەركەوت سوێندەكەی زیانی هەیە بۆی با سوێندەكەی بشكێنێ و كەفارەتەكەی بدات ، با كەس وا نەزانێ ئەمە شتێ باش ئەكا لەو كاتانە بەردەوام بێ لەسەر سوێندەكەی نەخێر ئەوە شتێكی خراپە ، كەس پلەو پایەی لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وعلی اله وسلم بەرز تر نیە ئەو سوێندی خواردووە بە خوا كە ئەگەر سوێندی خوارد و بۆی دەركەوت شتێكی باشترە سوێندەكەی بشكێنێ ئەوە كەفارەتی سوێندەكەی ئەدات و سوێندەكەی ئەشكێنێ ، وە ئێمەش لە سەرمانەو خوا فەرمانی پێ كردوین بەوەی شوێنی پێغەمبەر صلی الله علیه وعلی اله وسلم بكەوین ، چەند كەس ئەبینین بە داخەوە لە سەر تاوان سوێند ئەخوا وەك ئەوەی سوێند ئەخوا ئەڵێ سەردانی ئەو خزمە ناكەم یان یارمەتی نادەم یان سەلامی لێ ناكەم وە شتی وا كە ئامۆژگاریشی بكەی ئەڵێ سوێندم خواردووە ! دە ئەگەر ئەوەنە لە خوا ترسی بۆ سوێند بۆ تاوان ئەخۆی !؟ ئەگەر سوێندیشت خوارد دەی كەفارەتەكە بدەو پەشیمان بەرەوە ئەوە بۆت خێری تێداو لای خوا باشترە .

**كەفارەتی سوێند**

لە بەر ئەوەی زۆر كەس لەوە بێ ئاگایە كە كەفارەتی سوێند چیە یان بە هەڵە لێی تێگەیشتون بۆ سوود وەرگرتن ان شاء الله باسی ئەكەین كە كەفارەتی سوێند شكاندن چیە : خوای بەرز ئەفەرموێ : ﴿ لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَـكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ المائدة ٨٩ واتە ( خوا ناتانگرێ بەو سوێندانەی بە سەر زارتان دا دێت و لە دڵەوە نیەو مەبەستتان پێ سوێند نیە بەڵام بەو سوێندە ئەتانگرێ كە بە مەبەستەو لە دڵەوەیە تەئكیدن لە سەری جا ئەوە كەفارەتەكەی تێر كردن و نان دانی دە هەژارە لەو خواردنە مام ناوەندیەی كە ئەیدەنەماڵ و منداڵی خۆتان یان بەرگ پۆشینی دە هەژار یان ئازاد كردنی كۆیلەیەك ئەگەر كەسێك یەك لەم سێ شتەی دەست نەكەوت و نەیبوو ئەوە با سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت ئەوە كەفارەتی سوێندەكانتانە =ئەگەرببشكێنن= وە سوێندی خۆتان بپارێزن ئاوا خوا ئایەتەكانی بۆتان ڕوون ئەكاتەوە بەڵكو ئێوە سوپاس گوزاری و شوكری ئەو بكەن ) .

لەو ئایەتە خوای بەرز بۆمانی ڕوون كردۆتەوە كە كەفارەتی سوێند یەك لەم سێ شتانەیە كامەیان بكەیت ئەتوانی ١= نان دانی دە هەژار ٢= یان بەرگ پۆشینی دە هەژار ٣= یان ئازاد كردنی كۆیلەیەك .

بەڵام ئەگەر كەسێك لەم سیانە هیچی بۆ نەكراو نەیبوو ئەوە ئەو كاتە ئەتوانێ سێ ڕوژ بە ڕۆژوو بێت ، زۆر كەس هەن لێرە هەڵە تێگەیشتوون هەر وا ئەزانن كەفارەت بۆ سوێند ئەوەیە سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بیت ! نەخێر ئەمە بۆ كەسێكە كە ئەم سێ شتەی نەبێ ئەو كات ئەگەر نەیبوو ئەتوانێ سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت .

وە لەو ئایەتە بۆمان دەر ئەكەوێ كە خوای بەرز بە ڕەحمی خۆی لێمان ئەبورێ لەوەی كە ئەو سوێندانەی بێ مەبەستن لە سەرمان نایژمێرێ و لێمان خۆش بووە ، ئەوەش هاتووە لە عائیشەی دایكی بڕواداران خوا لێی ڕازی

بێت ئەفەرموێ : ( انزلت هذه الاية : ﴿ لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ ﴾ في قول الرجل : لا والله ، وبلى والله ) رواه البخاري واتە : ( ئەم ئايەتە ﴿ لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ ﴾ لەسەر قسەی پیاوێکە بڵێ نا والله ، وە با والله ) . سوپاس بۆ خوای گەورە کە لەسەری ئاسان کردوین یانی کەسێك کە بەسەر زاری دادێ ڕاهاتووە بڵێ بەخوا ئەبێ یان بەخوا نابێت ئەمە مادام مەبەستی سوێند نەبێ خوا لێمانی ناگرێ والله اعلم .


## لەبڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن

## www.iman1.com

## هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوویبوونەوەی ئیمان

## imanonekurd@yahoo.com